# له چلەی شەهید دکتۆر هوشیار عوسمان..

ئەوەی ساتێک دکتۆری ناسیبێت لە خوورەوشتی و روحی کوردایە تی گەیشتووە ، پێی زانیوە چ مرۆڤێکی نیشتمان پە روەر بووە .

شەهید دکتۆر هوشیار یەکێک بوو لە دامە زرێنەرە ئەکیڤەکانی سەنتەرەکەمان و ئەندامێکی کارامەو لێهاتوو بوو، هەردەم خەریکی پلاندانان بوو کە کارەکانی چۆن بەسەرکەتوانە بەرێوەببات. بگرە دکتۆر خۆی تەرخانکردبوو بۆ هەر گیروگرفتێکی دەروونی کوردانمان لە تاراوگە .

شە هید زۆربەی ساتەکانی بۆ کاری سەنتەرو رێکخستن تەرخان کردبوو ، بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتی رۆشنبری و کۆمەلایەتی کورد بکات ، منداڵان و لاوان و گەنجان و رۆشنبیران بکاتە دینەمۆیەك بۆ بەرەوپێشبردنی ئەرکی نەتەوایەتێمان .

شە هید دکتۆر زۆر بە تە نگ داهاتوو چارەنووسی نەوەکانی هەندەرانمان بوو ، هە وڵی دەدا خێزانە کوردەکان بەشداری ئەمپرۆسێسە بکە ن .

دکتۆر هەردەم داکۆکی لەمافی کۆمەڵانی کورد لە هەندەران بێ جیاوازی بەرامبەر حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەکرد ،بەڵام لەهەمان کاتدا دەیوویست کوردانی هەندەران هەست بە ئەرکیش بکەن و ئەکتیڤ بن تاوەکو مافەکانیان جێ بە جێ بکرێت .

ئەمانە هە ر لە نووسینە بڵاو کراوەکانی لاپە رە ئینتەرنێتیەکاندا دەردەکەوێت کە دکتۆر چ پرۆژەیەکی لە خەیاڵا بووە و چ ئاوات و خۆزگە یەکی لە دڵ و دەروونی دابووە .

پێنووسەکەی شە هید هووشیار تیژ بوو وەك تیر بۆ بەرەنگار بونەوەو پانتایی هە بوو وەك قەڵغان بەرپەچ دانەوەی دوژمنانیکورد کوردستان ، وەك مۆمێك وابوو بۆ رۆشەنکردنە وەی رێگای کوردایەتی و مرۆڤایەتی .

بەداخ و پە ژارەیە کی زۆرەوە دوژمنانی کوردو کوردستان بە دەستی رەشی نەگریسیان مە خابن لە رۆژی 27 . 10 .2007 لە شاری مەریوان- کوردستانی رژهەڵات تێرۆرستان کەوتنە گیانی دکتۆر هوشیار و لەبیرۆی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆربە شێوەیەکی نامرۆڤانەو نامەردانە شەهیدیان کرد و بەشەهید بوونی دکتۆر هوشیار مۆمێك کوژایەوەکە بۆ رووناك کردنەوەی رێگای کوردایەتی ونیشتمان پەروەری ،رێگای رۆشنبیری ومافی کەسایەتی بوو بۆ هەمووکوردێکی دلسۆز .

ئێمە سەربەرزین کەخاوەن شەهید دکتۆر هوشیارین، شەهید هوشیار چووە ریزی شەهیدە سەربەرزو سەرفرازەکانی گەل و نیشتمان بووە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی نەتەوایەتی کوردستان .

سەنتەری کەلتوری کورد لە کۆلن بەهەموو ئەندامانی پەیمان تازە دەکەینەوە کە رێگاو پلانەکانی هەڤاڵ هوشیار بەرەوپێش ببەین کارەکانی بە ئەنجام بگەێنین و بیری نەتەوەیی و رۆشبیری وکەلتوری پەرەپێ بدەین، بۆ بەردەوام بوونی کارەکانی هەوڵ بدەین و درێخی نەکەین ، تاوەکو ئاواتەکانی بهێنینە دی وخاو خێزانی و هەڤاڵان و دۆستانی بەتایبەتی دیدار خانی کچی وکاکە دیاری کوری دکتۆر هوشیار سە ربەرز و سەرفراز کەین .

**رووڕەش بێت بکوژانی دکتۆر هوشیار و دوژمنانی کوردو کوردستان . . .**

**سەربەرزو و سەرفرازە شەهید دکتۆر هووشیار ...**

**چلەی شەهید دکتۆر هووشیار عوسمان ...** کۆلن .. ئەڵمانیا ...

2007. 12. 06

سەنتەری کەلتوری کورد لە کۆلن

KURDISCHE KULTUR ZENTRUM    Email. : Kurd-kulturcenter-koeln@web.de